

### ڤقار نوری

### یاریزانی تۆپی باڵەی دەربەندیخان:

# ئەگەر یاریزان بەردەوام خەریکی مەشق و راهێنان بێت و پاڵەوانێتی نەبێت تووشی مەلەل دەبێت

تیپی باڵەی کچانی یانەی دەربەندیخان یەکێکە لەو تیپانەی کە لە دەڤەرەکەیان گرنگی بە یارییەکانی کچان دەدات، یانەکەش بە ئامانجی پێشخستنی ئاستی یاریی باڵە لە سنووری دەڤەری دەربەندیخان تیپێکی تۆکمەی پڕ لە یاریزانی بەتوانای کۆکردۆتەوە، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بەم کچە یاریزانانە لە خولی باڵەی کوردستان و عێراق کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی شایستە بکات، ڤقار نوری یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە و لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٩ی شارۆچکەی دەربەندیخانە، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** لەنێو ئەم هەموو یارییەدا چۆن بوو یاریی باڵەت هەڵبژارد؟**

- لەبەر ئەوەی خولیای خۆم بوو و هەستم دەکرد ئەو یارییە لەگەڵ من دەگونجێت.

***ئاستی یاریی تۆپی باڵە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- تا رادەیەك باشە، بەڵام پێویستە گرنگیی زیاتری پێ بدرێت.

***چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی یاریی باڵە بەرز بکرێتەوە؟**

- پێم باشە زیاتر خول و پاڵەوانێتی بکرێتەوە، چونکە هۆکاری سەرەکییە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی یاریی تۆپی باڵە.

*** کەم ئەنجامدانی پاڵەوانێتی تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

- بێگومان یەکێك لەو هۆکارانەی کە کاریگەریی لەسەر یاریزان هەیە ئەنجامدانی پاڵەوانێتییە، چونکە ئەگەر یاریزانێك بەردەوام خەریکی مەشق و راهێنان بێت و پاڵەوانێتی نەبێت، یاریزان تووشی مەلەل و بێزاری دەبێت و لە ئەنجامدا لە تەمرین دادەبڕێت.

***گرفتی یارییەکانی تۆپی باڵە لە چیدا دەبینی؟**

- نەکردنەوەی پاڵەوانێتی، کەمیی یانەکان لە کوردستان و کەمیی یاریزان.

***چی بکرێت بۆ ئەوەی زیاتر ئافرەت روو لە وەرزش بکەن؟**

- بۆ ئەوەی کچان روو لە وەرزش، یان هەر بوارێك بکەن کە خۆیان دەیانەوێ، سەرەتا پێویستیان بە پاڵپشتیکردنی خێزان هەیە، بۆیە لێرەوە داواکارم لە دایکان و باوکان رێگری نەکەن لەوەی کە رۆڵەکانیان بێنە ناو بواری وەرزشەوە.

***دەستەی کارگێڕیی یانەی دەربەندیخان چۆن هاوکاریتان دەکەن؟**

- ئەوەی لە توانایاندا بووبێت بەرامبەر بە ئێمە کەمتەرخەمییان نەکردووە و هاوکارمان بوون.

*** بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك بەرنامەت چییە؟**

- پلانم ئەوەیە دوای ئەوەی گەشتم بە پلەیەکی باش و ئاستێکی باش لە یاریەکەم، بتوانم هەموو ئەو کچانەی خولیای وەرزشیان هەیە، بیانهێنمە ناو بواری وەرزشەوە.

***بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك بیت لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە؟**

- ئەوە خەونی هەموو یاریزانێکە و بێگومان منیش بەو هیوایەم رۆژێك لە هەڵبژاردەی کوردستان یاری بکەم.

***بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

- ئیرگان ناگاییس.

*** هیچ گرێبەستێکت پێشکەش کراوە؟**

-تاکو ئێستا نەخێر.

*** لە کۆمەڵگەی کوردی تا چەند پشتگیریی ئافرەتی وەرزشکار دەکرێت؟**

- تا رادەیەك باشە، بەڵام بەداخەوە هێشتا بەپێی پێویست نییە.

***چی بە بەرپرسانی وەرزشی دەڵێیت؟**

- هیوادارم هاوکاریی یانەکان بکەن و زیاتر خول و پاڵەوانێتی بکەنەوە.



***ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت ماوە؟**

-لێرەوە دەمەوێ سوپاسی بێ پایەنی ( م.بەرێز عەلی) بکەم کە جێ دەستی لە وەرزشی شاردا دیارە و بەهۆی ئەوەوە ئێمە گەشتووینەتە ئەم ئاستە، هەمیشە لەگەڵماندا ماندووە و سووپاس بۆ یاریدەدەری راهێنەر بەرێز (دانا ئەحمەد) و لە کۆتاییدا سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان کە بەبێ جیاوازی لە خزمەت هەموو وەرزشوانێکدا بووە.

# مێسی نهێنییەکی بۆ نیيمار درکاندووە

سەرچاوەیەکی ڕاگەیاندنی فەرەنسا نامەیەکی مێسی ئاشکرا کردووە، کە بۆ نێیماری هاوڕێی ناردووە و تێیدا لە نامەکەدا لیۆ مێسی وادەی ڕۆیشتنی لە بەرشلۆنە بۆ نێیماری درکاندووە.

گۆڤاری فرانس فووتبۆڵ، لە ڕاپۆرتە هەواڵێکدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە لیۆنێل مێسی کاپتنی بەرشلۆنە پلانی بۆ جێهێشتنی بەرشلۆنە داڕشتووە و لە ڕێگەی واتسئەپ نێیماری ئاگادار کردۆتەوە، کە دوای دوو ساڵی داهاتوو کامپ نوو جێدەهێڵێت.

سەرچاوەکە ئەوەشی خستۆتەڕوو، کە مێسی لە نامەکەیدا داوای لە نێیمار کردووە بگەڕێتەوە بەرشلۆنە و ببێتە جێنشینی ئەو و سەرکردایەتی تیپەکە بگرێتەدەست.

نێیمار لە ٢٠١٧ گرێبەستەکەی لەگەڵ بەرشلۆنە هەڵوەشاندەوە و بە ٢٢٢ ملیۆن یۆرۆ ڕوویکردە پاریس سانت جێرمان، بەرشلۆنە هاوینی ڕابردوو لە پاریس گفتووگۆیەکانی بۆ گەڕانەوەی نێیمار دەستپێکرد بەڵام لەگەڵ یانەی سانت جێرمان نەگەیشتتە ڕێککەوتن.

مێسی لە نامەکەیدا ئەوەشی نووسیوە، کە لە ئێستادا بیر لە جێهێشتنی بەرشلۆنە دەکاتەوە و نایەوێت لەوە زیاتر لەو یانەیە بمێنێتەوە و دەیەوێت بە یەکجاری ئیسپانیا جێبهێڵێت.

مێسی ئەوەشی گوتووە: تا ئێستا هیچ یانەیەك بە فەرمی گرێبەستی پێشکەش نەکردووە، چونکە هەمووان لە هەستی من تێدەگەن، کە دەمەوێت لە بەرشلۆنە بمێنمەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئێستا شتەکان جیاوازن و بیر لە جێهێشتنی بەرشلۆنە دەکەمەوە.

لیۆنێل مێسی لە ٢٠٠٥ ڕوویکردە بەرشلۆنە، لەگەڵ ئەو یانەیە شەش خەڵاتی تۆپی زێڕین و ٤ نازناوی چامپیۆنزلیگی بردۆتەوە، لەگەڵ بارسا ٧٠٦ یاری کردووە، ٦١٨ گۆڵ و ٢٥٢ ئاسیستی هەیە.



# ئیمباپێ بەنرخترین یاریزانی تۆپی پێیە

ڕوانگەی CIES بۆ تۆپی پێی لیستی بەنرخترین یاریزانەکانی لە پێنج خولە گەورەکەی ئەوروپا بڵاوکردەوە و ئیمباپێ بەنرخترینیانە.

لە لیستەکەدا کیلیان ئیمباپێی ئەستێرەی فەرەنسا و پاریس سانت جێرمان بە ٢٢٦ ملیۆن پاوەند لە پلەی یەکەمی بەنرخترین یاریزانەکانی تۆپی پێیە، لە دوای ئەویش ڕەحیم ستێرلینگی ئەستێرەی ئینگلیزی دێت بە ١٩٠ ملیۆن پاوەند.

هەروەها هەر لە لیستەکەدا محەمەد سەڵاحی میسری لە پلەی سێیەمە بە ١٥٠ ملیۆن پاوەند و یاریزان لیۆنێل مێسی لە پلەی هەشتەمی لیستەکەیە بە ١٠٧ ملیۆن پاوەند و ڕۆناڵدۆ هەر لە ١٠ پلەی یەکەمدا نییە.

لیستەکە بەمشێوەیەیە:

١-کیلیان ئیمباپێ، پاریس سانت جێرمان ٢٢٦ ملیۆن پاوەند

٢-ڕەحیم ستێرلینگ، مانچستەر سیتی ١٩٠ ملیۆن پاوەند

٣-محەمەد سەڵاح، لیڤەرپوول ١٥٠ ملیۆن پاوەند

٤-جادۆن سانچۆ، بروسیا دۆرتموند ١٤٤ ملیۆن پاوەند

٥-سادیۆ مانێ، لیڤەرپوول ١٣٢ ملیۆن پاوەند


٦-هاری کەین، تۆتنهام ١٢٩ ملیۆن پاوەند

٧-مارکۆس ڕاشفۆرد، مانچستەر یۆنایتد ١١٤ ملیۆن پاوەند

٨-لیۆنێل مێسی، بەرشلۆنە ١٠٧ ملیۆن پاوەند

٩-ئەنتوان گریزمان، بەرشلۆنە ١٠٥ ملیۆن پاوەند

١٠-لاوتارۆ مارتینێز، ئەنتەرمیلان ٩٩ ملیۆن پاوەند.




# دی ڕووسی بە یەکجاری ماڵئاوایی کرد

دانییلی دی ڕۆسی، ئەستێرەی بەناوبانگی ئیتالیا بەیەکجاری وازی لە یارییکردن هێنا.

بەپێی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەکان، دی ڕۆسی بەهۆی نەخۆشکەوتنی کچەکەی بەناچاری بڕیاریدا شەش مانگ پێش کۆتایی هاتنی گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەی بۆکا جونیۆرزی ئەرژەنتینی، داوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی بکات و لە تەمەنی ٣٦ ساڵیدا بەیەکجاری وازی لە یاریکردن هێنا و گەڕایەوە ئیتالیا.

دی ڕووسی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەبارەی وازهێنانەکەی قسەی کرد و گوتی، من لە تۆپی پێ خانەنشین دەبم، لەبەرئەوەی هەست بە نیگەرانی دەکەم، نەک لەبەرئەوەی، کە واز لەو یانەیە دەهێنم کە خۆشمدەوێت، بەڵکو دەڵێم خوات لەگەڵ ژیان، پیشە، وەرزش و عیشق.

ڕووسی لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا گوتی، ئەو شتە هەر ڕوودەدات، زوویێت یان درەنگ، پێموانییە بتوانم ١٠ ساڵی دیکە یاری بکەم.

دی ڕۆسی ٦١٦ یاریی بە درێسی یانەی ڕۆما ئەنجامداوە، ٦٣ گۆڵی کردووە و ٥٣ ئاسیستی هەبوو، لەگەڵ یانەکە دووجار نازناوی جامی ئیتالیا، جامێکی سوپەری ئیتالیای بردووەتەوە و لە ٢٠٠٨-٢٠٠٩ بەباشترین یاریزانی ساڵ لە ئیتالیا دیاریکرا.

یاریزانەکە ١١٧ یاریی بۆ ئیتالیا کردووە و ٢١ گۆڵ و ٥ ئاسیستی هەبوو، گەورەترین دەستکەوتی بردنەوەی جامی جیهانی ٢٠٠٦ بوو لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیتالیا.





# نیاز مەغدید یاریزانی زێرەڤانی: لە قۆناخی دووەم یانەکەمان جیاواز دەبێت

تیپی تۆپی پێی یانەی زێرەڤانی سەرەڕای ئەوەی ئەمساڵ ژمارەیەك یاریزانی بەتوانای هێناوەتە ریزی یانەکەی بۆ ئەوەی بتوانێ لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان ژمارەیەکی گەورە بێت، بەڵام یانەکە لە خولە گەورەکەی کوردستان ئەنجامەکانی وەکو پێویست نییە و لە نۆ یاری تەنیا هەشت خاڵی بەدەستهێناوە و لە دوو یاریش سەرکەوتنی تۆمار کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا یاریزانان و دەستەی راهێنەران ئومێدی زۆریان بە خۆیان هەیە کە لە یارییەکانی داهاتوودا یانەکە بچێتە قۆناخێکی نوێوە، لەم بارەشەوە یاریزانی هێڵی بەرگریی یانەی زێرەڤانی (نیاز مەغدید) لە بارەی ئاستی تیپەکەیان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە وەکو یاریزانان زۆر باشین و لە هەموو یارییەکدا لە تیپی بەرامبەر باشترین و دەرفەتی گۆڵ تۆمارکردنمان زیاترە، بەڵام تا ئێستا ئەو یاریزانەمان نەبووە کە بتوانێت لە هێڵی هێرشبەریدا دەرفەتەکان بقۆزێتەوە و بیکات بە گۆڵ، لە یارییەکانی سەرەتاش پلانی راهێنەر گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، چونکە دوو یاریزانی پیشەگەرمان لەگەڵمان بەردەوام نەبوون، پێکانی یاریزانانی هێڵی بەرگریشی هاتەسەر، ئەوانە هەمووی گرفتن بۆ یانەکەمان، لە قۆناخی دووەمیش دەستەی راهێنەران دەتوانن گۆڕانکاری لە یاریزانە پیشەگەرەکاندا بکەن و دڵنیاشم یانەی زێرەڤانی هەڵدەستێتەوە و جیاواز دەردەکەوێت»، لەبارەی بوونی گرێبەستیش گوتی: «تا ئێستاش لەگەڵ یانەی زێرەڤانیم و زۆریش ئاسوودەم لەم یانەیە، پێشتریش گرێبەستم هەبووە لە خولی عێراقی و خولی نایابی کوردستانیش، بەڵام ئێستا دواساڵی خوێندنمە، بۆیە بیرم لە دەرەوەی کوردستان نەکردۆتە و هیچ یانەیەکیش لە زێرەڤانی باشتر نابینم لە کوردستان تا یانەکە جێ بهێڵم، بۆ ئەم وەرزەش جارێ خولەکە زۆری ماوە بۆ ئەوەی بتوانین ئاست و ئەنجامان باشتر بکەین، چونکە یاریی زۆر ماوە و دەتوانین ئەنجامی باش بەدەست بهێنین».

# کچانی رانیە چاویان لە خولی نایابە



تیپی تۆپی فوتساڵی یانەی وەرزشیی رانیە بەردەوامە لە ئامادەکارییەکانی بۆ دەستپێکی خولی فوتساڵی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، ئەم وەرزە جیاواز لە ساڵانی رابردوو یانەکەی دەڤەری رانیە ژمارەیەك لە یاریزانانی شارەکەی کۆکردۆتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ بەم پێکهاتەیە ئاست و ئەنجامی دڵخۆشکەر بۆ یانەکەیان بەدەست بهێنن و پلێتی گەیشتن بە خولی نایابی یانەکانی کوردستان دەستەبەر بکەن و یانەکەش بە بەهێزی لە ناوچەکەیان بهێڵنەوە، لەم بارەشەوە (نەبەرد ئازاد) راهێنەری تیپی فوتساڵی کچانی رانیە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «سوپاس بۆ خودا بەردەوامین لە ئامادەکاری و مەشقەکانمان بۆ ئەوەی بۆ دەستپێکی خولەکە بە شێوەیەکی تۆکمە ئامادەی یارییەکانی خولەکە بین، ئامانجمان ئەوەیە فوتساڵی کچانی رانیە سەربخەینەوە بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان»، لە بارەی ئەو کێشە و گرفتانەش کە دێنە رێی یانەکە، ئەو راهێنەرە گوتی: «لە رانیە کێشەمان هەیە، چونکە تەنیا هۆڵێکی داخراوی لێیە و عەرزەکەشی هەمووی تێك چووە، تەنانەت نەك بۆ یاریکردن، بەڵکو بەکەڵکی راهێنانیش نایەت، ئەوەش کێشەیەکی سەرەکییە بۆ ئێمە و رێگری دەکات لە بەردەم دروستکردنی تیپی کچان لە ناوچەکە، ئێمەش بە ناچاری بەردەوام لەم هۆڵە نەشیاوەدا مەشقەکانمان ئەنجام دەدەین، بۆ ئەنجامدانی یاریی دۆستانەش دەبێت بچینە قەڵادزێ، یان ناحیەی چوارقوڕنە، ئەمساڵیش تیپێکی باشمان لە کچانی ناوچەکە دروست کردووە، ئەگەر یاریگایەکی شیاومان هەبێت لە ناوچەکەی خۆمان ئەوا دەتوانین باشترین ئەنجام بەدەست بهێنین، چونکە یاریزانانی ئێمە حەز و ئارەزووی زۆریان بۆ وەرزش هەیە و دەتوانن ببنە نوێنەری راستەقینەی دەڤەرەکەمان، بەردەوامیش کێبڕکێ دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین ئاست و ئەنجامێکی شایستە بێت لە خولەکە.»




# ڕێکخراوی ژیما پەرە بە چالاکییەکانی تۆپی باسکە دەدات

ڕێکخراوی ژیما کە تایبەتە بە یارییەکانی باسکەی کچان، ماوەی چەند ساڵێکە دامەزراوە و لە پارێزگای سلێمانی گرنگیی زۆری بە بواری وەرزشی و بەتایبەتیش یارییەکانی باسکەی کچان داوە، بۆ ساڵی نوێش بەردەوام دەبێت لە پەرەپێدان بە چالاکییەکان و بەردەوامبوون لە سەر مەشق و ڕاهێنانی تیپەکەیان و خۆئامادەکردنیان بۆ خول و پاڵەوانێتییەکانی داهاتوو، لەم بارەشەوە رزگار تۆفیق ڕاهێنەری تیپی باسکەی ڕێکخراوی ژیما بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە بەردەوام دەبین لە مەشقەکانمان هەرچەندە تاقیکردنەوەکانی قوتابییانیش هەیە، بەڵام بە شێوازێکی جیاواز لە ماڵەوە کچەکان هەفتەی دوو ڕۆژ ئامادەکاری دەکەن، جگە لەوەش خۆمان ئامادە دەکەین بۆ پاڵەوانێتیی تازەپێگەیشتووانی کوردستان کە لە دهۆك بەڕێوە دەچێت، بە نیازی ئەوەین لە مانگی دووی ئەمساڵ دووتیپی ژیما ببەین بۆ وڵاتی میسر و لەگەڵ یانەکانی زەمالیك و ئەهلی چەند یارییەك ئەنجام بدەین، ئەگەریش ئەوەمان بۆ ڕێك نەکەوت، بە دڵنیاییەوە لە وەرزی هاویندا ئەم گەشتە ئەنجام دەدەین»، لە بارەی هاوکاریکردنیشیان لەلایەن بەرپرسانی وەرزشییەوە گوتی: «لیژنەی ئۆلۆمپی لە بری پێشوازیکردن لە ڕاهێنەران و یاریزانانی هەڵبژاردەی عێراق لە پاڵەوانێتی ڕۆژئاوای ئاسیا لە دیمەشق و پاڵەوانێتیی نێودەوڵەتی لە ئوردەن، ڕێکخراوەکانیان لە بەشداریکردن لە چالاکییەکانی لیژنەی ئۆڵمپی بێبەش کردووە، من وەکو ڕاهێنەر پێیان دەڵێم ئێمە پاڵەوانی عێراقین وەکو ڕێکخراوی ژیما یەکەمین لە هەموو ئاستەکان، کەچی دژایەتیمان دەکەن و ڕێگریمان لێ دەکەن بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتییەکان، ئەوەی ئەوان بە وەرزشی کوردستانیان کردووە، دووژمنانی کورد نەیانکردووە، سەرۆکی لیژنەکەش تا ئێستا سەردانی هیچ تیپێکی نەکردووە»، لە درێژەی قسەکانیدا دکتۆر رزگار گوتی: «هیچ کەسێك هاوکاری ئێمە ناکات، ئەو پارەیە کە خۆمان کۆی دەکەینەوە، ساڵانە بەکاری دەهێنین بۆ ئەنجامدانی گەشتەکان، هەرچییەکیشمان پێویست بێت خانەوادەی یاریزانان دابینی دەکەن، ئەگەر وازمان لێ بێنن، هاوکاریمان لە هیچ کەسێك ناوێت».

جێگای ئامازە پێکردنە ڕێکخراوی ژیما بە ناوی چەند یانەیەك لە خولەکانی کوردستان و عێراق یاری کردووە و لە ماوەی ڕابردوودا ئەنجامی بەرچاوی هە بووە.